# پەیامی پلاتفۆرمی ئابانت
# کۆنفرانسی هەولێر
# «با بەیەکەوە بەدوای ئاشتی و ئایندەدا بگەڕێین»


مومتەزەر تورکۆنە

**هاوڕێ ئازیزەکان و ئامادەبووە بەڕێزەکان!**

سەرەتا وەک میوانێک کە لە تورکیاوە هاتووم، دەمەوێ روانگەیەکی خۆم بهێنمە سەر زمان. ئەمە ١٨یەمین کۆنفرانسە کە پلاتفۆرمی ئێمە رێکی دەخات. پلاتفۆرمی ئابانت، لە دەرەوەی تورکیا زۆر کۆنفرانسی بەڕێوە بردووە. لە نێو ئەمانەدا دەتوانین کۆنفرانسەکانی قاهیرە، بروکسێل، پاریس و نیویۆرک ناو ببەین. ئەم کۆنفرانسە، تەنیا بە کۆنفرانسێک کە لە دەرەوە ئەنجام دەدرێت نابینین. هەموومان لە نێو ماڵی خۆماندایین. ئەمڕۆ ئێمە وا هەست دەکەین کە لە ماڵی خۆمانین. وا هەست ناکەین کە لە دەرەوەی تورکیاین و لە نێو کەسانی بیانیدایین. هەڵبەتە رۆڵی جەنابی خاوەنماڵ لەم هەستەماندا زۆر گەورەیە.

هەستی میوانداریتان و دۆستایەتیی گەرمتان، کاریگەریی قووڵی لەسەر ئێمەدا هەیە. بڕوا بکەن کە بە شێوەیەکی زۆر سروشتی لەو دۆستایەتی و پەیوەندییە گەرموگوڕەی ئێوەمان روانی. هیچی واتان نەکرد کە هەست بە بیانیبوون بکەین. بەڵام شتێکی دیکە جگەلەوەی کە هەستمان پێ کرد هەیە. ئێمە منداڵی یەک خاکین. ئێمە ئەو مرۆڤانەین کە لە یەک جوگرافیای مرۆڤییەوە شێوەمان گرتووە. ئێمە ئەو خەڵکەین کە لە دەردێکی هاوشێوە دەناڵێنین، بە یەک ئاواز خوێنمان بە جۆش دێت، پێکەوە هەستمان دەبزوێ و پێکەوە ناڕاحەت دەبین. هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەم کۆبوونەوەیە، بە گرینگترین، پڕکاریگەرترین و پڕواتاترین کۆبوونەوەی ئابانت تا ئەمڕۆ دەزانین.

**هاوڕێ خۆشەویستەکانم.**

ئێرە سەرزەمینی کوردە. هەروەها هی عەرەبەکان و تورکمانەکانیشە، بەڵام هەڵبەتە زیاتر هی کوردەکانە. بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق، ئێمە لە خاکی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندایین. هەمووتان زۆر باش دەزانن، زۆر زیاتر لە کوردەکانی ئەم جوگرافیا سیاسییە، لە تورکیادا دەژین. تورکیاش هەر وەک ئەم خاکانە، لە خەڵکانێک لە نەتەوە و ئەتنیکی جیاوازەوە پێک هاتووە. تورکیا وڵاتێکی گەورەیە. ئەم قسەیە بۆ هەڵکێشان و گەورەکردنی تورکیا ناکەم. تەنیا مەبەستم ئەوەیە کە زۆر لەم ناوچەیە، نەتەوە و کولتووری جیاوازی تێدایە. رەنگە پێتان خۆش بێت بزانن، کە وەفدەکەی ئێمە چەند کوردی تێدان. من ژمارەیان نازانم، بەڵام وەرن با بڵێین هەموومان کوردین. بۆ نموونە من.

ئێرە، باکووری عێراقە. منیش منداڵی باکووریترین خاڵی تورکیا، واتا سینۆپم، بەڵام منیش هەر وەک ٧٢ ملیۆن کەس کە لە تورکیادا دەژین، تۆزێک کوردم. وەک کوردێک دەژیم. وەک کوردێک بیر دەکەمەوە. وەک کوردێک دەڕوانمە دنیاوە. وەک کوردێک نان دەخۆم. ئەو شتانەی لای کوردێک بەنرخن، لای منیش بەنرخ و پڕبەهان. لە کۆتایی ژیانیشمدا وەک کوردێک دەمرم و من تورکم.

بیرمەندێکی دیاربەکری کە لە کاتی دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣دا مامۆستایەتیی فیکری دەکرد، ناوی (زیا گۆکئالپ)ـە. یەکێک لە دامەزرێنەرە سەرەکییەکانی رەگەزپەرستیی تورکی و سیستەمی نەتەوە–دەوڵەتە. ئەو کەسە، رەگەزپەرستێکی تورکە. ستانداردێکی بۆ تورک و کوردەکان داناوە و دەڵێ «ئەو تورکەی کوردی خۆش ناوێت، تورک نییە. ئەو کوردەی تورکی خۆش ناوێت، کورد نییە. لە ئاستی دەوڵەتدا، پلان و گەمەکان وەلاوە بنێن. ئەمە پێوەری خەڵکی تورکیایە. رێگەیەکی زۆر دوورمان لە پێشە، کە دەبێ بە خێرایی بیبڕین. کاتمان کەمە. لەبەر ئەمەش پێویست بە قسەی بە پێچ و پەنا ناکات.

نەخشەیەکی کوردستان هەیە. هەمووتان ئەوە بە باشی دەزانن کە نەخشەی کوردستانی گەورەیە. ئەم نەخشەیە، مۆتەکەی هەندێکان و خەونی هەندێکی دیکەیە. ئەوەی پێیخۆشە مۆتەکە ببینێت و ئەوەش کە پێیخۆشە، با خەون ببینێت. هەموو کەس دەبێ خۆی لەگەڵ راستییەکاندا رێک بخات.

تۆزێک کەمتر لە نیوەی ئەو کوردانەی کە لەسەر گۆی زەویدا

دەژین، لەسەر ئەو خاکە دەژین کە لە نەخشەکەدا دەستنیشان کراوە. واز لە گۆی زەوی بهێنن. زیاتر لە نیوەی ژمارەی کوردەکان، لە دەرەوەی ئەو بەشەی دەکەوێتە نێو تورکیاوە و لە بەشەکانی دیکەی تورکیادا دەژین. گەورەترین شاری کوردەکان لە دنیادا، نە دیاربەکرە و نە هەولێر. زۆرترین ژمارەی کوردەکان لە ئیستانبولدا دەژین. وەرن وەک هەولێر، لەگەڵ ئیزمیر، ئادانا و مێرسین کە لەو نەخشەیدا نین، زۆرانبازی بکەن. ئەم حیساباتە وەک کورد و وەک تورک زۆر ئەستەمە. تەنیا وەک تۆزێک کورد، تۆزێک تورک دەکرێت. لەبەر ئەمەیە کە تۆزێک کوردین و لێرە لە خزمەتتاندایین.

**دۆستە خۆشەویستەکان!**

پلاتفۆرمی ئابانت، سەرەکیترین پلاتفۆرمی کۆمەڵگەی مەدەنیی تورکیایە. ئەم پلاتفۆرمە، رۆشنبیرەکانی تورکیا لە نەتەوەی جیاواز، روانگەی سیاسیی جیاواز و رەهەندی جیاوازەوە لە دەوری یەکدا کۆ دەکاتەوە.

ئێمە هەموومان یەک روانگەمان نییە. هەرچەندە روانگەی جیاواز لە تورکیادا هەبێت، پلاتفۆرمی ئابانت، ئەوەندە روانگە جیاوازی لە نێو خۆیدا کۆ دەکاتەوە. ئێمە، روانگەی جیاوازی تورکیامان بۆ ئێوە هێناوە. هەر قسەیەک لێرەدا بکرێت، تەنیا پەیوەندیی بە بکەرەکەیەوە هەیە. هیچ کەس لەجیاتی کەسێکی دیکەوە قسە ناکات. ئێمە بەپێی بەها مرۆڤییە گەردوونییەکان لە دەوری یەک کۆ دەبینەوە. هەموومان بڕوامان بە سەروەریی دادوەریی هەیە. پێمان وایە کە مافەکانی مرۆڤ پیرۆزن و پێویستە بپارێزرێن. لە دژی حکوومەتێکین کە لەسەر بنەمای رەزامەندی و دەنگی خەڵکەکەی نەبێت. واتا، دیموکراسی وەک تاکە شێوازی حوکمکردن قبووڵ دەکەین.

لە دژی ئەوەین کە توندوتیژی وەک یەکێک لە رێگەچارەی کێشەکان کەڵکی لێ وەربگیرێت. هەموومان لایەنگری ئاشتین. لەو بڕوایەداین کە هەموو کێشەکان بە رەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ، گەشبینی و دیالۆگ چارەسەر دەکرێن. کاتێک بتوانین هەموو کێشەیەک بە سەربەستی بدەینە بەرباس، ئەوا ئێمە پێی دەڵێین رووحی ئابانت. ئێمە بۆ پێشکەشکردنی ئەو رۆحە بە ئێوە، لێرەین.

ئەو بڕوا و پرەنسیپانەمان لە دوا کۆنفرانسماندا کە ساڵی رابردوو لە ژێر ناونیشانی «کێشەی کورد» بەڕێوە چوو، هێنایە سەر زمان. ئەو کۆنفرانسە، لە ٤ تا ٦ی تەمووزی ساڵی رابردوودا لە ئابانت بەڕێوە چوو. لە خوارەوە هەندێک لە ئەنجامەکانیتان بۆ دەخوێنمەوە.

ئەم خاڵانە لە سەرەتاکانی راگەیێندراوی کۆنفرانسەکە وەرگیراون:

«چارەکردنی کێشەی کورد کە یەکێک لە گەورەترین و سەرەکیترین کێشەکانی تورکیایە، پەیوەندیی بە دروستکردنی کەشێکی دیالۆگ، هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە پێشوەختەکان و دروستکردنی متمانەیەکی دوولایەنە هەیە. لە دروستکردنی زمانی چارەسەریدا، بەرپرسیارێتی، هەستیاری و ئوسلوبی میدیا رۆڵێکی گرینگی هەیە. ئامانجی پلاتفۆرمەکەمان، بەشداریکردن لە بونیاتنانی گۆڕەپانێکی شیاو و زمان و زەمینەخۆشکردنە. لەم ئاڕاستەیەدا ئامانج ئەوەیە، کە زیاتر لەوەی کە لایەنەکان لە دەوری بەرنامەیەکی چارەسەری کۆ بکرێنەوە، بۆ کۆتاییهێنان بە نەبوونی دیالۆگ، کاناڵی تەندروست و کارای پەیوەندی بکرێنەوە. وەک بنەمایەک، هەر بیر و بۆچوونێک کە بە شێوەیەکی ئاشکرا بانگەشەی توندوتیژیی تێدا نەبێت، ئازادانە پشتگیری لێ دەکرێت کە بهێنرێتە سەر زمان و گەنگەشەی لەسەر بکرێت، لە هەموو کەس ئەوە چاوەڕوان دەکەین کە رێز لە بیروڕای هەموو کەس و گرووپێک بە هەر بۆچوونێک بگرێت.

وێڕای رەتکردنەوەی هەموو شێوەکانی توندوتیژی، مەرجێک بۆ وازنەهێنان لە چارەکردنی کێشەی کورد دادەنێین. سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی لە دژی کورد و هەر کەمینەیەکی دیکە رەت دەکەینەوە. لە دژی هەر جیاکارییەکی کورد و تورک دەوەستینەوە».

هەندێک لە رایە هاوبەشەکان کە لە خاڵەکانی راگەیێندراوەکەدا باس کراون، بەم شێوەیەن: تەواوی مافە سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان کە لە هەموو رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکاندا ئاماژەیان پێدراوە، پێویستە قبووڵ بکرێن. لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی چارەسەریی بەرفراواندا پێویستە هەلەکانی یاسای لێبوردنی گشتی

برەخسێنرێت.

ڕێزگرتن لە زمانی دایک، ڕێزگرتن لە مرۆڤایەتییە. پێمان وایە قسەکردن و پەروەردە بە زمانی دایک، مافێکی سەرەکیی هەر مرۆڤێکە و بە هیچ بیانوویەک ئەو مافە نابێ زەوت بکرێت.

لە کێشەی کورددا تەواوی ئەو ئیجرائاتەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی حقووقییەوە دەردەچن، ڕەت دەکەینەوە.

لە پێناو چارەکردنی کێشەی کورددا، قۆناخی بەدیموکراسیبوونی تورکیادەبێ بەردەوام بێت.لەم چوارچێوەیەدا،ڕەچاوکردنی پڕۆژەکانی یەکێتی ئەورووپا، هەم بەردەوامیی قۆناغی بەدیموکراسیبوون و هەم چارەکردنی کێشەی کورد ساناتر دەکەن. هاوڕێی خۆشەویستم ڕێبوار کەریم وەلی، وەبیرتان دەهێنێتەوە، کە ساڵی ڕابردوودا ئەم ماددەیە چۆن نووسراوەتەوە.

زۆر بە شانازییەوە دەمەوێ دێڕێکتان بۆ بخوێنمەوە کە لە ڕاگەیێندراوەکەدا هەیە، وەک خاڵێکی هاوبەش دەزانرێت، کە دەقاودەق بەم شێوەیە: **«کوردەکانیش وەک تەواوی گەلانی ناو عێراق برای ئێمەن. بەرفراوانکردنی هەموو پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بە پێویست دەزانین.»** ئێمە سیاسەتمەدار نین. دەستەواژەی «برایەتی» کە لە حزمەتتاندا دەیکەین، تەنیا لێرە نایەتە سەر زمان. هەر وەک ساڵی ڕابردووش باسمان کرد، بۆ بەجێگەیاندنی ئەم برایەتییە لێرەین.

### کێشەی کورد

تورکیا کێشەیەکی بە ناوی «کێشەی کورد» هەیە. کێشەی کورد لە تورکیا، بۆ ئێوەش کێشەیەک دروست دەکات. چونکە کاریگەریی لەسەر پەیوەندیی تورکیا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت. ئێمە لایەنگریی لەوە دەکەین کە ڕێز لە پەیوەندیی تورکیا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بگیرێت و برایەتیی نێوان ئەو دوو لایەنە پێش بخرێت.

ئەم پێشکەوتنە، هەندێکیش پەیوەندیی بە داهاتووی کێشەی کورد لە تورکیادا هەیە. کێشەی کورد لە تورکیا، تا ڕادەیەکیش کێشەی ئێوەیە. ئەو بڕیارانەی لە کۆبوونەوەی ساڵی ڕابردووماندا دامان، ڕێگە بۆ چارەسەریی ئەو کێشەیە خۆش دەکەن. ئەوەی کە دەکەوێتە سەر شانی ئێمە بۆ هەڵە تێنەگەیشتن و بڕیاردانی پێشوەختە، هێنانە سەر زمانی خاڵێکە. ئەو کێشەیە کە بە «کێشەی کورد» ناوی دەبەین، لە لایەکەوە حکوومەتی تورکیا جێی گرتووە. لە تورکیا کێشەیەکی لەم شێوەیە لە نێوان تورکەکان و کوردەکاندا بوونی نییە. ئەم کێشەیە، کێشەی خەڵک نییە. دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە کورد و تورک بە هۆی بنچینەی ئەتنیکییەوە دوژمنی یەکتری نین. لە تورکیا شتێک بە ناوی دوژمنایەتیی کورد بوونی نییە. ئەم کێشەیە، کێشەیەکی سیاسییە.لە لێکدانەوەکانی دەوڵەتی نەتەوەییەوە سەرچاوە دەگرێت کە ساڵیانی ساڵە سیاسەتی نکۆڵیکردن و تواندنەوە پەیڕەو دەکرێت. پێمان وایە ئەگەر لەسەر ئەو خاڵانەی سەرەوە کە ئەنجامی کۆبوونەوەکەمانن، پەیوەست بمێنین، کێشەکە چارەسەر دەبێت.

ئێمە پێمان وایە کە ئەگەر تەنیا بە هۆی بنچینەی ئەتنیکییەوە دوژمنایەتیی کەسێک بکرێت یان ئەو کەسە بە گەورە دابنرێت، ئەوە ڕەگەزپەرستییە. ڕەگەزپەرستیش، تاوانێکی دژی مرۆڤایەتییە. بەم هۆیەوە پێمان وایە کە ڕەگەزپەرستی لەسەر بنەمای بنچینەی ئەتنیکی، هیچ دیارییەکی جگە لە خوێن و ئاژاوە بۆ کۆمەڵگە، پێ نییە. بە بەکارهێنانی ئامرازە دیموکراتیکەکان، هەوڵی ئەوە دەدەین کە دەوڵەتەکەمان بەو ئاڕاستەیەدا هەنگاو بنێت. پێویستیمان بە یارمەتیی ئێوەش هەیە. دەپرسن چۆن؟ بە بەرزکردنەوەی ئەو برایەتییە، پێکەوە و بە شێوەیەکی هاوبەش.

### میوانە بەڕێزەکان!

دەمەوێ بە دووبارەکردنەوەی ئەم ڕستەیە، کۆتایی بە قسەکانم بهێنم. ئێمە بە ناوی برایەتییەوە لێرەین. لە ماوەی دوو ڕۆژدا دەمانەوێ خۆشەویستی، ڕێز، میوانداریێتی و دوعا باشەکانتان لەگەڵ خۆمان بۆ تورکیا بەرین. ئێمە بۆ بەرفراوانکردنی ڕێز و خۆشەویستیی بەرامبەر یەکتری لێرەین.

بەو بڕوایەی کە بە گەشبینییەوە، دیالۆگ و هەموو کێشەیەک چارەسەر دەبێت، لێرەین. ئێمە لە ڕوانگەی بڕوابوونمان بە دیموکراسییەوە دەتوانین هەموو بوارێک بگۆڕین و بۆ کوێ حەزمان لێ بێت، بیگوازینەوە. بۆ ئەوەش تەنها پێویستیمان بە دۆستایەتی و برایەتیی بەهێز هەیە.وێڕای ڕێز و خۆشەویستیم لە ناخی دڵەوە، بە ناوی تورکیاوە، هەمووتان لە ئامێز دەگرم.